## چوارقوڕنە: بە شەش کەس لە یەکێک دەدەن

ئێوارەی رۆژی ٩-١-٢٠٠٨ لە پێشەنگای ئاڵا لە شارەدێی چوارقورنە، شەش کەس هەڵدەکوتنە سەر وڵاتی(س.ح) تەمەن ٣٥ساڵ، بە چەقۆ لێی دەدەن و بەسەختی برینداری دەکەن.

بە گوێرەی زانیاریەکان هۆکاری ئەو شەڕە بۆ کێشەیێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. هەر سەبارەت بەو کێشەیە دادوەر بڕیاری گرتنی پەلاماردەرانی داوە .

جێگەی ئاماژەیە ئەوانەی فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە یەکێکیان خوێندکار، یەکیان مامۆستا و یەکێکی تریان پۆلیسە.

## تەرمی کچێک دەدۆزرێتەوە

رۆژی ٨-١٢-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، بە ناوی (ئە.ک.ر) دانیشتووی چۆمانی دەڤەری باڵەکایەتی لەماڵ دەردەچێ و ناگەڕێتەوە، بەڵام ڕۆژی ٧-١-٢٠٠٨ تەرمەکەی لە چیای حەسەن بەگ دەدرۆزرێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو قوربانیە بە مەبەستی موچە وەرگرتن دەچێتە قەزای سۆران، لەوێ لەلایەن چەند کەسێکەوە دەرفێندرێ، دوایی دەخنکێندرێ و تەرمەکەی لە چیای حەسەن بەگ فڕێ دەدرێ.

کەسوکاری ئەو قوربانیە هۆکاری کوشتنەکەی بۆ ئەو ٢٨مسقاڵ زێر دەگێرنەوە کە پێیبووە، بەڵام تا ئێستا زانیاری ورد لەدەست دانیەو پۆلیسیش بەدوای بکوژانی ئەو کچەدا دەگەڕێن.

## ڕانیە: دزی لە ماڵێک دەکرێ

شەوی ٦-١-٢٠٠٨ لە گەڕەکی رزگاری شاری ڕانیە دز دەچێتە سەر ماڵی وڵاتی (حەلاو محەمەد پیرۆز) کە بڕی چوار ملیۆن دینار لە ماڵەکەی دەبێ ، دەیبات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو شەوە کەس لەماڵ نابێ و بەسەفەر دەچنە شارۆچکەی قەڵادزێ .

## کچێک بە ئاوی گەرم دەسووتێ

رۆژی٩-١-٢٠٠٨ کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتووی شارەدێی سەروچاوە بەناوی (ن.ئە.ع) بەهۆی برینی سووتانەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

جێگەی ئاماژەیە کە رۆژی ٢٩-١٢-٢٠٠٧ لەکاتی چێشت لێنان دا ئاوی گەرم بەسەر جەستەی ئەو کچەدا دەڕژێ وبەشێک لە جەستەی دەسوتێ، هەرچەندە کە دەستبەجێ رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، بەڵام چونکە لە رووی مادیەوە هەژاربوون و نەیان توانی بوو چارەسەری پێویستی بۆ بکەن، رۆژی ٩-١-٢٠٠٨ گیانی لەدەست دا.

## کەرکوک:عەرەبێک بە چەقۆ لە کوردێک دەدات

ڕۆژی ٧-١-٢٠٠٨ لەنێوا بازاڕی شاری کەرکوک دا عەرەبێک بە چەقۆ هەڵدەکوتێنە سەر کوردێک، وێڕای ئەوەی چەقۆی لێدەدات و برینداری دەکات، هەرچی پارەو پولیشی پێ دەبێ لە گیرفانی دەردێنێ و دەڕوات.

جێگەی ئاماژەیە ئەو کەسەی لێدراوە ناوی(هۆ.ع) تەمەن ٣٥ ساڵە و خەڵکی گوندی گلزانی دەڤەری بێتونیە، بانگەشەی ئەوە دەکات کەلەبەر چاوی پۆلیس هێرشی کراوەتەسەر و لێی دراوەو پارەشی لێ سەندراوە بەڵام پۆلیسەکان بە هانایەوە نەچونە و خۆیان تێنەگەیاندووە.

## ئەفسەرێک بە گوللە منداڵێک دەکوژێ

رۆژی ٦-١-٢٠٠٨ منداڵێکی تەمەن ٩ساڵ بەناوی (خ.س)دانیشتووی ئاوارەکانی چوارقورنە بە مەبەستی گوڵەبەڕۆژە فرۆشتن لەگەڵ براکەی دەچێتە نزیک بارەگای فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە چوارقورنە، لەوێ لەلایەن ئەفسەرێکەوە تەقەی لێدەکرێ و دەکوژرێ.

برای قوربانیەکە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لەوێ بووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەفسەرێک بەناوی (ع.ب) لێمان نزیک بۆوە و لولەی کلاشنکۆفەکەی لە براکەم کردو گوتی بتکوژم ؟! دواتر گوللەیەکی لە سنگی براکەم دا، براکەم قیژاندی و گیانی دەرچوو.

جێگەی ئاماژەیە کە دوای ئەو رووداوە ئەفسەرەکە دەستگیر دەکرێ و رادەستی دادگە دەکرێ.

## دانیشتووانی دۆڵی ئاکۆییان داوای مۆبایل دەکەن

بەگوێرەی هەواڵی پەیامنێری رۆژی گەڵ، دانیشتووانی گوندەکانی دۆڵی ئاکۆییان و دۆڵی شاوری بەهۆی ئەوەی خزمەتگوزاری مۆبایل نەگەیشتۆتە دەڤەرەکەیان گلەیی لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن و دەخوازن کە کۆمپانیای ئاسیاسێل یان کۆرەک تیلیکۆم تاوەر لە دەڤەرەکە دابنێ تا خەڵکی ئەو ناوچەیەش لە مۆبایل سوودمەند بن.

جێگەی ئاماژەیە کە دۆڵی ئاکۆییان و شاورێ لە چەند گوند پێکهاتووە، چەند جارێک داوایان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەو لیستی ئەو ناوانەشیان پێشکەش کردووە کە دەیانەوێ مۆبایل بکڕن، کەچی ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، بەوهۆیەوە نارەزایی پیشان دەدەن و دەخوازن ئاوڕێکیان لێبدرێتەوە.

## منداڵی فڕێدراو دەدۆزرێنەوە

رۆژی ١٠-١-٢٠٠٨ لەگەڕەکی کانی تووی شارۆچکەی دەربەندیخان منداڵێکی فڕێدراو دەدۆزرێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو منالە کچ بووە و ئەو رۆژە لە دایک بووە، لە نزیک خانەقای شێخ مەلا حوسێن فڕێدراوە، بەمەستیش ئەوەبووە کە خێرومەندێک هەڵی بگرێتەوەو بەخێوی بکات. لەلایەکی دیکەشەوە رۆژی ٩-١-٢٠٠٨ لە گەڕەکی بەستە پیازەی شاری هەولێر منداڵێک لە بەردەرگەی ماڵێک فڕێ دەدرێ کە ئەو ماڵە منداڵیان نابێ، بەوهۆیەوە ئەوان منداڵەکە هەڵدەگرنەوەو بەڵێن دەدەن لەسەر ناوی خۆیان پێناسەی بۆ دەربهێنن..

جێگەی ئاماژەیە کە ماوەیەکە دیاردەی فڕێدانی منداڵ لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان زیادی کردووە، ئەمەش بۆ ئەو پێوەندیە سۆزداریە شاراوەیە دەگەڕێتەوە کە دوور لە ژیان هاوسەرێتی منداڵی تێدا دروست دەکرێ، ئەمەش کێشەی کۆمەڵایەتی ترسانکە، پێویست بە چارەسەری گونجاو دەکات.

# راگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

رۆژی ٢-١-٢٠٠٨ کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەشاری سلێمانی بۆ شرۆڤەکردنی رەوشی هەنووکەیی کوردستان و هەڵسەنگاندنی کاروخەباتی ساڵی ٢٠٠٧ کۆبۆوە. سەرەتا خولەکێک وەستانی بێدەنگ بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی راگەیەندرا، دواتر رۆژەڤی کۆبوونەوە خوێندرایەوە، پاشان هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب سەبارەت بە رەوشی هەنووکەیی کوردستان لێکدانەوەیەکی پێشکەش کرد، کاروخەبات، رووداوو گۆڕانکاریەکانی ساڵی رابردووی هەڵسەنگاند، دواتر لەلایەن هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندیەوە گفتوگۆی لەسەر کرا و بڕیار لە کارنامەی ساڵی ٢٠٠٨ درا.

کۆمیتەی ناوەندی رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستانی بە هەستیار دانا، ساڵی ٢٠٠٨ی بە چەقی قورسایی تێکۆشان لێکدایەوە، هیوای خواست کە سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لێبڕاوانە لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدیهێنانی مافەکانی گەل تێبکۆشن، هاودەنگ و هاوهەڵوێست بەرپەرچی نەخشەو پیلانەکانی ناحەز و داگیرکەران بدەنەوە.

کۆمیتەی ناوەندی نیگەرانی خۆی لەسیاسەتی فریوکارانەی حکومەتی بەغداد بەرانبەر بە هەرێمی کورستان، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و داخوازیەکانی کوردستانیان پێشان دا، هەروەها داخباری خۆی لە کەمتەرخەمی و خەمساردی سەرکردایەتی کوردستان لە بەجێ نەگەیاندنی ئەو ئەرکانە دەربڕێ، هیوای خواست کە حکومەتی هەرێم بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان راوەستاوانە سیاسەتی حکومەتی بەغداد و هاودەستانی لەقاوبدات. کۆمیتەی ناوەندی وێڕای ئەوەی کە هێرش و پەلامارەکانی سوپای تورکیای ریسواکرد، هاوپەیمانێتی ئەمریکاو تورکیاشی بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی کوردستانیان لێکدایەوە، لەو بەستێنەدا هیوای خواست کە کورد چاو بە پێوەندیەکانی خۆی بخشێنێتەوەو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و هاوسەنگیدا هەنگاو هەڵبگرێتەوە.

کۆمیتەی ناوەندی رەخنەی لە شێوازی کارو چالاکی و پێوەندیەکانی خۆی لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧ دا گرت، پێیوابوو بەو شێوەیە نەهاتۆتەوە کە پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو، بەوهۆیەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ کارنامەیەکی تۆکمەو تەکوزتری پێشنیارکرد، بڕیاری دا لەپێناو دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ کاری هاوبەش و پێکهێنانی چەتر و لیستی هاوبەش لەگەڵ لایەنە کوردستانیەکان تێبکۆشێ.

لە دواییدا بەهۆی ئەوەی کە ماوەی ٥ مانگ دەبێ ئەندامێکی سەرکردایەتی وازی لە حزب هێناوە و شوێنەکەی بە چۆڵی ماوەتەوە، پێشنیارکرا یەکێک لە ئەندامە جێگرەکان بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ، بەوهۆیەوە لە پرۆسەیەکی دەنگدانی نهێنیدا یەکێک لە جێگرەکان پلەی ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی بەدەست هێنا.

سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار دا

**کۆمیتەی ناوەندی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**٣-١-٢٠٠٨**

# جامی سەیارەی سکرتێری پارتی کۆماری دەشکێندرێ

کاتژمێر ٢٣ی شەوی ٣-١-٢٠٠٨ کەس یان کەسانێکی نەناسراو لە گەڕەکێکی شاری هەولێردا جامی ئۆتۆمۆبێلی بەڕێز عەلی حاجی سەرۆکی پارتی کۆماری کوردستان دەشکێنن.

سەرچاوەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە کاتژمێر ٢٣ی شەوی ٣-١-٢٠٠٨ لەناکاو پەلاماری سەیارەی بەڕێز عەلی حاجی دەدرێ کە لەبەردەم ماڵەی خۆیدا لە گەڕەکی کوێستان، نزیک نەخۆشخانەی نازدار بامەڕنی راگیرابوو، زۆر بە خێرایی جامەکانی سەیارەکە دەشکێنن و لە شوێنەکە دوور دەکەونەوە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە هەواڵنێرمان بە تەلەفۆن پێوەندی بە بەڕێز عەلی حاجی سکرتێری پارتی کۆماری کوردستان کرد، بەڕێزیان وێڕای ئەوەی کە هەواڵەکەیان سەر راست کردووە و ئاشکرایان کرد کەئۆتۆمۆبێلی یەکێ لە کوڕەکانی بووە، ئەو شەوە لەبەردەم ماڵەکەی ئەوان راگیرابوو، کەسانێک هێرشیان کردۆتە سەر و بە چەکوچ لە جامەکانیان داوە و شکاندوویانە و زیانێکی زۆریان بە سەیارەکەی گەیاندووە، بەڵام ئەوان لە دژی هیچ کەس سکاڵایان تۆمار نەکردووە، چونکە ئەوان پێیانوایە کە ئەمە بەمەبەستی زیان پێگەیاندن و ترساندن ئەم کارە ئەنجام دراوە، بۆیە نیازیان نیە لە دژی کەسێکی دیاریکراو سکاڵا تۆمار بکەن. هەر لەم پێوەندەدا بەڕێزیان ئاشکرایان کرد کە ماوەیەکە گوشاری تایبەت دەخرێتە سەریان و هەڵمەتی ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردنیان لە هەندێ بڵاوکراوەی تایبەتەوە دەستی پێکردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە پارتی کۆماری کوردستان لەساڵی١٨/٣/ ١٩٩٣وە دامەزراوە، هەر لەو ساڵەدا بەمەبەستی مۆڵەت وەرگرتن داوای فەرمی پێشکەش بە وەزارەتی ناوەخۆوە کردووە، کەچی تا ئەمرۆ وەڵامیان نەدراوەتەوە. هەروەها دەبێ بگوترێ کە ئەوانەی پارتی کۆماری کوردستانیان دامەزراندووە هەر هەموویان پێشتر لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق دا خەباتیان کردووەو کەسانی ناسراوی مەیدانەکە بوونە.

# سەرما فێرخوازانی بەشە ناوخۆییەکان دێنێتە سەر شەقامەکانەوە

شەوی ١١-١-٢٠٠٨ فێرخوازانی بەشی ناوخۆیی (هۆتیلی هێرش) لە هەولێر لە بیناکەیان هاتنە دەرێ و لەبەردەم باڵەخانەی بەشەناوخۆییەکەیاندا بە نیشانەی ناڕەزایی دەربڕین کۆبوونەوە، ئەوان دەیانخواست وەکو بەشەناوخۆییەکانی دیکە ئاوڕیان لێبدرێتەوەو پێداویستیەکانی وەک سووتەمەنی و کارەباو ئاویان بۆ دابین بکرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان لەوکاتەی کە هەوا زۆر سارد بوو، فێرخوازان لەبەردەم بیناکەیان خۆپێشاندانیان دەکردو کەسیش بەدەنگیانەوە نەدەهات، بۆیە هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی هەردوو سایدی (٦٠)مەتریان بۆ ماوەیەک راگرت. فێرخوازان داوایان لە فێرخوازانی بەشە ناوخۆییەکانی دیکە دەکرد کە پشتیوانیان لێ بکەن و بڕژێنە سەر شەقامەکانەوە.

شەوی ١١-١-٢٠٠٨ لە کاتێکدا کە پلەی گەرما لەژێر سفرەوەبوو، فێرخوازانی بەشی ناوخۆیی مەجید بەگی زانکۆی سلێمانی بەهۆی ئەوەی کە سەرما تەنگی پێهەڵچنیبوون و هۆکانی خۆگەرمکردنەوەیان نەبوو، لەبەردەم بیناکەیان دا کۆبوونەوە، دەیانخواست کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هانایانەوە بچن و پێداویستیەکانیان، بەتایبەتیش نەوتیان بۆ دابین بکەن، بەڵام کەس ئاوڕی لێنەدانەوە، بەوهۆیەوە بۆ راکێشانی سەرنجی لایەنی پەیوەندار دەستیان بە توندوتیژی کرد، رێگەی هاتوچۆیان گرت، ئاڵۆزی روویداو جامی چەند سەیارەیەکیان شکاند، دواتر بۆ بڵاوە پێکردنیان هێزێکی پۆلیس چووە شوێنەکەو هەوڵی دا کاری توندوتیژی رابگرێ.

جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ئەم زستانەش پێداویستیەکان بۆ فێرخوازان دابین نەکراون، ئەوان لە بینایێکی ساردو سڕدا فڕێدراون، وەکو پێویست سووتەمەنیان بۆ دابین ناکرێ، شەوانە لەسەرما هەڵدەلەرزن، زۆربەی رۆژەکانیش لەبەر بەستنی بۆریەکانی ئاو ناتوانن دەم و چاویشیان بشۆن، دەوامکردن بەو شێوەیە سەخت و دژوارە، کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندنیان دادەنێ، وەلێ لایەنە پەیوەندارەکان خۆیان بێدەنگ کردووەو بەبیانۆی ئەوەی لە دەستەڵاتی ئەوان بەدەرە هاوکاریان ناکەن.

# شاندێکی حزبی زەحمەتکێشان سەردانی بارەگای رزگاری دەکات

کاتژمێر ١٧ی رۆژی ١٠-١-٢٠٠٨ رێزدار هاوڕێ **قادر عەزیز** سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە یاوەری هاوڕێ **بەهمەن حوسێن** ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانی کرد کە لەلایە هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیەوە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، دواتر لە دیدارێکی برایانەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان کرا.

هەردوولا کاودانی ئێستای کوردستانیان بە هەستیار دانا و هیوایان خواست کە لەساڵی ٢٠٠٨ دا هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکدەنگ و یەک هەڵوێست بەرپرسانەتر پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکەن و نەهێڵن لەوادەی درێژکراوەیدا تێپەڕ بکات.

لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە شێوەو شێوازی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرا، هەردوو هاوڕامان بوون کە دەبێ لایەنە کوردستانیەکان لە نێو خۆیاندا لیستی هاوبەشی جۆراوجۆر پێکبهێنن و بیر لە گۆرانکاری بکەنەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا حزبی زەحمەتکێشان و حزبی رزگاری و چەند کەسایەتێکی سەربەخۆ لە سەر لیستی زەحمەتکێشاندا بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کردبوو.

# هەواڵی سەیر

**رۆژی** ٣-١-٢٠٠٨ رائیدێک بەناوی (س،م) کە سەرشانی پڕ لە ئەستێرەی زەردە سەردانی خزمێکی نەخۆشی خۆی لە نەخۆشخانەی فێرکاری هەولیر دەکات، لەوێ گلەیی لە پۆلیسەکان دەکات کە بۆچی سڵاوی بۆ ناکەن! بەوهۆیەوە پۆلیسەکان نیگەران دەبن و گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن کە هەر کەس دێ و نازیان لەسەر دەکات، بەڵام یەکێک لە خزمەکانی ئەو رائیدە دەچێتە لای پۆلیسەکان و دڵیان دەداتەوەو پێیان دەڵێ:" نیگەران و دڵتەنگ مەبەن، ئەو برادەرە زۆر حەز لە جلەکانی خۆی دەکات، تەنانەت شەوانەش تا دەخەوێ ئەو جلانە داناکەنێ، بۆ پرسەو زەماوەندیش بچی هەر ئەو جلانە لەبەر دەکات!

**بەگوێرەی** ئەو زانیاریانەی دەست رۆژی گەل کەوتوون، ئێستاش لە دامودەزگانای حکومەتی هەرێم دا دوو ئیدارەیی برەوی پێدەدرێ، لەماوەی رابردوو کەسێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک نووسراوێکی فەرمی لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ بەڕێوەبەری ناحیەیکێ سەر بە پارێزگای هەولێر دەبات، بەلام کاکی بەڕێوەبەر چونکە لە حزبەکەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دانیە، نامەکە دەخاتە تەنەکەی خۆڵەکەو دەڵێ: ئەمە لێرە نایخوات" هەر لە رووداوێکی هاوشێوەدا بەرپرسێکی گەرمیان نامەی سەرۆکی حکومەت ناخوێنێتەوەو دەیخاتە ژێر فایلەکانی سەر مێزەکەی و دەڵێ جارێ با لێرە تێر بخەوێ.

**سپێدەی** رۆژی ١٠-١-٢٠٠٨ مەفرەزەیەکی پۆلیس لەسەر رێگەی هەولێر- کەسنەزان بازگەیەکی کاتی دادەنێن، ناوی هەموو ئەو کەسانەو ژمارەی هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە دەنووسن کە لە شاری هەولێر دەردەچن، کاتژمێر ٥ی بەیانی شۆفێرێک دەگاتە بازگەکە، دەبینێ چەند پۆلیسێک ئاگریان کردۆتەوەو دوو پۆلیسیش لەسەر رێگە وەستاون، پێناسەی خەڵک وساڵیانەی ئۆتۆمبێل وەردەگرن، ئەم کارەی زۆر لەلا سەیر دەبێ، بۆیە لە پۆلیسێک دەپرسێ : "کاکە نووسینی ناوی من و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەمتان بۆ چییە؟" ئەویش پێیدەڵێ: ئێمەش وەکو تۆ سەرم سوڕماوە، بەڵام فرمانێکەو لە سەروو بۆمان هاتووەو دەبێ جێبەجێی بکەین!؟

**رۆژی** ٨-١-٢٠٠٨ کەسێک بەناوی ( ح. ع) دانیشتووی شارۆچکەی کۆڕێی نزیک هاوینەهەواری پیرمام سکاڵا لەدژی کوڕێکی بەناوی (س. ح. ع) تۆمار دەکات.

بەگوێرەی ئەو زانیاریەی دەست رۆژی گەل کەوتووە، ئەو رۆژە باوک و کوڕەکە لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێن، کوڕەکە هەڕەشەی کوشتن لە باوکەکەی دەکات، باوکەکەش لەلای پۆلیس سکاڵا لەسەر کوڕەکەی تۆمار دەکات. کاتێ دادپرس هۆکاری کێشەکە لە باوکەکە دەپرسێ، ئەو دەڵێ: ئەو کوڕەم لە ژنە گەورەکەمە، بەگوێم ناکات، بۆیە لە سەروەت و سامان بێبەشم کردووە، کەچی ئەو دەیەوێ بەزۆر وەریبگرێ. دادپرس داواکە وەردەگرێ، دواتر پێیدەڵێ: ئەمە رەوا نیە کە هەندێک منداڵی خۆت بێ بەش بکەیت؟! " کابراش وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێ: قوربان مەگەر حکومەت باوکی هەموومان نیە؟! ئەوەتا زۆرینەی منداڵەکانی خەریکە لە برسان دەمرن و ئاوڕیان لێناداتەوە! هەندێکیشی لە سەر دەستان راگرتوون؟! بۆ ئەوەی من نارەوایەو بۆ ئەوەی حکومەت رەوایە ؟!

**رۆژی** ١٠-١-٢٠٠٨ لە کاتێکدا کە ئامبولانسێکی نەخۆشخانەی شارۆچکەی شەقڵاوە دەیویست نەخۆشێک بگوازێتەوە پەکی کەوت و راوەستا. هۆکاری وەستانیشی بۆ تەواوبوونی بەنزینەکەی دەگەڕایەوە، بەوهۆیەوە دەمەقاڵێ و ناخۆشی لەنێوان کەسوکاری نەخۆشەکەو شۆفێری ئامبولانسەکە پەیدا بوو، هەرچی کەسوکاری نەخۆشەکە بوون دەیانویست بەپەلە نەخۆشەکەیان کە گیانی لەمەترسی دابوو بگاتە لای پزیشک، هەرچی شۆفێری ئامبولانسەکەش بوو بێدەستەڵاتی خۆی لە بێبەنزینی دەردەبڕی و نەیدەزانی چۆن و لە کوێ بەنزین پەیدا بکات، بەڵام ئەوانەی ئەو رووداوەیان دەبینی، زۆر سەرسام دەبوون، نارەزایی خۆیان دەردەبڕی و دەیانگوت: ئەگەر رەوشی ئامبولانس کە بۆ فریاکەوتن دانراوە ئاوا بێ، دەبێ ئێمە چی بکەین؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com